# ژن و سیاسەت لە نیوە کۆمەڵگە ناتەواوەکان



مەهاباد قەرەداغی

وتەی دەروازە:

سیستەمێک هەیە کە ئەرکەکانی بە پێی تووخم دابەش کردووە، ناوی لێناون کاری ژنانە و کاری پیاوانە. لەو سیستەمەدا سیاسەت کارێکی پیاوانەیە. لە نۆرمەکانی کلتووری باوکسالاریدا ژن نابێ تووخنی ئەو ئەرکانە بکەوێ کە بۆ ئەو دیارینەکراون و لە سنووری چالاکییەکانی ئەودا نین. لە نۆرمەکانی ئەو سیستەمەدا ژنان لایەق بەو ئەرکانەن کە خزمەتگوزارییین و، لە بواری ژیانی تایبەتیدا خزمەت بەوانی دی دەگەیەنن، ئەو ئەرکانەی کە پەیوەندیدارن بە سۆز و هەستەکانەوە، بە ژیانی تایبەتییەوە و بە سنووری ماڵ و دەوروبەری ماڵەوە، هەموو ئەو ئەرک و کارانەی کە ژن ئاراستەی ناوەوەی ماڵ و ناوەوەی خۆی دەکەن، پیاوانیش لایەق بەو ئەرکانەن کە گشتین و پەیوەندیدارن بە ئاوەز و عەقڵەوە، کە بێسنوورن و کە برەویان لە هەموو جێگایەکدا هەیە و، کە پیاو ئاراستەی دەرەوە و ڕووی لە دەرەوەی خۆی دەکەن، کە ئەمەیان مەرجی گەشەسەندی فیکر و کەسایەتیی دەبێت، بە پێچەوانەی ڕووڵەخۆبوون و لە ناوەوەی خۆبوون کە تا ڕادەیەکی زۆر گەشەسەندن سنووردار دەکات و مرۆ کەمدەرفەت دەکات.

ئەم کلتووره و نۆرمەکانی لە هەموو شوێنێکی دنیا بە پلە و ڕادەی جیاواز برەوی پێ دەدرێت و کارایە، بەڵام لە کۆمەڵگە و وڵاتە دواکەوتوو و گەشەنەکردووەکاندا پلە و ڕێژە و ڕادەکەی بڵندە و دەقاودەق پەیرەوی نۆرمەکان دەکرێن و، تێڕوانینی باو و سەپاوی کۆمەڵگە لەسەر بناغەی نرخاندنەکانی ئەو سیستەمەیە. سیاسەت کە بە پێی ئەو کلتووره وەک ئەرکێکی پیاوانە لە قەڵەم دراوە، ئیدی لەو کۆمەڵگە نەریتییانەدا بە چاوی نوقاوەوە پەیرەوی دەکرێن و بێ پرسیار و تێرامان لەسەری بەردەوام دەبن.

نیوەکۆمەڵگە ناتەواوەکان: لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە کوردستانی ئێمەشدا، کە دەتوانین بە زاراوەی (کۆمەڵگەی زێدەنەریتی) ناوزەدیان بکەین، بە هۆی باڵادەستی و پەیرەویکردنی ڕەهای نۆرمەکانی باوکسالارییەوە، یەک (کۆمەڵگەی تەواو) لە نێوقەدەوە لە یەکتری دادەبڕدرێ و دوو( نیوە کۆمەڵگەی ناتەواو) ی لێ پێکدەهێنن، (کۆمەڵگەی پیاو) و (کۆمەڵگەی ژن).

لەم دوو نیوەکۆمەڵگە ناتەواوەدا بە بێ چەند و چوون هەر ژن و پیاوێک ئەو ئەرکانە ڕادەپەڕێنن کە لە سەری سەرەوە سیستەمێکی نادادپەروەر و کۆنەخواز ، لە سەر بناغەی بێمافکردن و خەساندن و نایەکسانی و هتد، ڕۆڵەکانی دابەش کردووە. ئەندامەکانی ئەم دوو نیوەکۆمەڵگەیە نەک پێکەوە و هاوشانی یەکتر، نەک هەردووکیان هاوتەریبی یەکتر، بەڵکە هەر یەک بە جیا و بە شێوەیەکی نارێکو پێک و زیکزاک ، بە بێ هەبوونی هیچ ئامانجێک بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگە، هەنگاو دەنێن، هەر یەک لە بواری جیاوازی خۆیدا تایبەتمەندێتی دەدرێتێ و، لە کۆمەڵگەی ژناندا، ژنان دەبن بە پسپۆڕی بواری کارە تایبەتیەکان، بواری خزمەتکردنی ماڵ و منداڵ و مێرد، لە کۆمەڵگەی پیاوانیشدا پیاوان دەبنە پسپۆڕی بوارە گشتییەکان، بواری سیاسەت و ئابووری و

زانستی و هتد. پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو کۆمەڵگەیە شێوەیەکی نائاسایی بەخۆیەوە دەگرێت، کۆمەڵگەی ژنان بە چاوی بڵندییەوە دەڕواننە کار و ئەرک و ئەنجامی کارەکانی پیاوان، کۆمەڵگەی پیاوان بە چاوی نزمییەوە دەڕواننە کار و ئەرک و ئەنجامی کارەکانی ژنان. ئەفسووسی گەورەش ئەوەیە کە ژنان لەو نیوەکۆمەڵگە ناتەواوانەدا ، خۆیانیش بە سووک و کەم دەڕواننە خۆیان و ڕۆڵی خۆیان و ئەنجامی کار و ئەرکی خۆیان بە کەم و ناتەواو دەبینن.

## سیاسەت، ئەرکێکی قۆرخکراو:

سیاسەت، ئەرکێکە دەچێتە خانەی کاری گشتییەوە، واتە بە پێی نۆرمی سیستەمی ناوبراو، کراوە بە ئەرکێکی پیاوانە. لە کۆمەڵگە نەریتیەیکاندا نزیکەی کراوە بە مەحاڵ کە نیوەکۆمەڵگەی ژنان خۆ لە قەرەی کاری سیاسەت بدەن، یان ئەندامانی نیوەکۆمەڵگەی پیاوان خۆ لە قەرەی کاری ماڵەوە بدەن. ڕەنگە جگە لە تاک و تەرایەکی ڕیزپەڕ، ژن شک نەبرێت لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا کە خۆی بە تەواوی بۆ کاری سیاسی تەرخان کردبێت، یان پیاوێک خۆی بە تەواوی بۆ کاری ماڵەوە تەرخان کردبێت. تێڕوانینێک کە سەپاوە و هۆکاری چەقبەستنی کۆمەڵگەیە لە خاڵی بنبەستدا، ئەو گووتە نالۆژیکییەیە کە گوایە گۆڕانکاری لەو ڕۆڵانەدا دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵ!

ئەم بێژەیە وتاری نالۆژیکی پایەدارەکانی ئەو سیستەمەیە ، چونکە لە بنەڕەتدا گۆڕانکاری لەو ڕۆڵ و ئەرکانەدا دەبێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بۆ سەر پایە و دەسەڵات و سالاریێتی و بەرژەوەندییەکانی ئەوان و ، ئەوانیش بە داهێنانی بێژەی نالۆژیکی و ئاکاری نابەجێ، سەرسەختانە دژ بە گۆڕانکاری و دژ بە هەر شەپۆلێک دەوەستنەوە کە بیەوێ جێگۆڕکێ بە ڕۆڵەکان بکات، یان ناتەواوییەکانی ئەو نۆرمانە تەواو و سازبکاتەوە.

بە شێوەیەکی ئاسایی ، سیاسەت ئەرکێکی بێلایەنە (نیوتراڵە)، ژن و پیاو دەتوانن ئەم ڕۆڵە وازیکەن و هەردووکیان وەك یەك لەبەردەم گریمانی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی دا لە پیادەکردنی ئەو ئەرکەدا دەوەستن. بەڵام وەك نەریت، ئەرکی سیاسەت بە پیاو سپێردراوە و ، بێژەی وا باوە کە پیاوانی سیاسەتباز سەرکەوتووترن لە ژنانی سیاسەتمەدار.

دنیای نوێ، دنیای دیموکراسییە، یان بە مانایەکی تر سیستەمی نموونەیی(ئایدیال) بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی دەوڵەت، سیستەمی نوێنەرایەتی و هەڵبژاردن و ڕاوێژە. هەر ئەو بایەخە گەورەیەشە وا لە( فۆکۆ یاما) بکات کە سیستەمی دیموکراسی بە دوامۆدیل و نموونەیی بزانێ بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و ناوی بنێت (کۆتایی مێژوو). لە مۆدیلی دیموکراسی باڵاتر و نموونەییتر بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەکان، هیچ نەبێ تا ئەمڕۆ شک نابرێ و نەبینراوەتەوە. لەم سیستەمەشدا هەمووان دەبێ لە هەموو بوارەکاندا بکەر و کاریگەر بن، هەمووانیش پێویستە لە ئەنجامەکان و دەستکەوتەکاندا بەهرەمەند بن. بۆ گەشەدان بەم مۆدیلی کارکردنە، بۆ هەر کار و ئەرکێک هەردوو تووخمی ناو کۆمەڵگە پێویستن و کارایی و کاریگەریێتی هەردووکیان پێکەوە هاوکێشەی یەکسانی و دادپەروەری و ماف و ئەرک ، کە هاوکێشەیەکی گرنگی کۆمەڵگەی مەدەنین، هاوسەنگ دەکەن.

## ژن و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا:

لە گۆڕەپانی سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی، دەکرێ بڵێم ڕێژەی بەشداری ژنان لە ژێر سفردایە. مەبەست لە زاراوەی (ڕێژەی ژێر سفر) ، ئەوەیە کە تەنانەت ئەو ڕێژە کەمەی ژنان کە لە سەر شانۆی سیاسەتدا دەبینرێن و لە باشترین حاڵەتیدا ڕێژەکەی لە 3% تێناپەڕێت (کە ئەویش لە کوردستانی ئێمەیە)، بەڵام لەم دۆخەشدا ژنان بەشداری سیاسەت نین ، بەڵکە بەکارهێنراون بۆ مەبەستی سیاسی، کە ئەمەش ڕێژەکە لە ژێر پلەی سفردا ڕادەگرێت.

ژنانی کارا لە سیاسەتدا ئەوانەن کە دەنگیان ببیسترێ، نەک تەنها بە ڕەنگ ببینرێن. ئەوانەن کە ئامانجیان هەبێ، نەک تەنها بکرێن بە ئامانج، ئەوانەن کە کاریگەربن لە گۆڕینی بارودۆخی ژنانی ئەو وڵاتەدا کە کاری تێدا

دەکەن، نەک تەنها بەکارهێنراوبن لە لایەن حیزبەکانەوە و هەمیشە بە بوونی ئەوان لە ناو پارلەمان و حکومەتدا نکۆڵی لە ڕەوشی نائاسایی ژنان و بێکاریگەریتییان لە ناو کۆمەڵگەدا بکرێت.

## لایەق و نالایەق لە ڕۆڵی ژن لە سیاسەتدا:

لایەق ئەوەیە ژنان کارا و کاریگەربن لە سیاسەتدا، نالایەق ئەوەیە کە هەمیشە کارتێکراو و  و بێکاریگەریی بن و بۆ مەبەستی سیاسی بەکارهێنرابن .

لایەق ئەوەیە ژنانی بواری سیاسەت خاوەنی بیر و بۆچوون بن، خاوەنی کەسایەتی و کاریگەریی بن، زمانێکی ڕەوانیان هەبێ بۆ گوزارەکردن ، لە سەر نارەواییەکان بێدەنگ نەبن، لەسەر مافەکانی خۆیان سازش نەکەن، سوور بن لەسەر ئەو ڕایانەی خۆیان کە گوزارە لە بەرەوپێشەوەبردنی کۆمەڵگە دەکات و بە قسەی ئەوانی دی، کە دژ بە بەرژەوەندییەکانی ژنانن، هەڵنەخەڵەتێن.

نالایەق ئەوەیە ژنانی بواری سیاسەت بیریان بەتاڵ بێت و بۆچوونیان نەبێت و هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بن چییان پێ دەگوترێت بۆ وتنەوە و مێشکیان لە لایەن پیاوانی حیزبەکانیانەوە پڕ دەکرێتەوە لە بۆچوونی پیاوسالارانە  و هەر هەمان قەوانی ئەوان بدەنەوە.

نالایەق ئەوەیە کە ئەو ژنانە پەیڕەویکارێکی بێ چەندوو چوونی فەرمانەکانی سەرەوە بن و، ئەو جێگەیەی کە لە پەرلەمان و لە حکومەت و لە دام و دەزگاکاندا گرتوویانە بەفیڕۆی بدەن و هیچ ڕۆڵێکیان لە  گۆڕانکارییەکاندا نەبێت و، هیچ کاریگەرییەکییان لەسەر ڕەوش و ڕیالیتەی ژن نەبێت.

لایەق ئەوەیە، سیاسەت بە عەقڵ بکرێت نەک بە دڵ. ژنان بە تواناییەوە و بە باوەڕبەخۆبوونەوە خوازیاری ئەو جێگایەنە بن کە ناوەندی بڕیاردانن. لەوێشدا دەبێ زمانی ژن زمانێکی کاریگەر و پێشکەوتنخوازانە و مافخوازانە بێت و تەنها گوێگر و قایل نەبێ بە هەموو شتێ کە دەگوترێ و لە بەرژەوەندی ژندا نییە.

ژنی کورد لە جامخانەی سیاسەتی کوردیدا:

لە هەردوو قۆناغی پێش و پاش ڕاپەڕیندا ژنان کەم و زۆر هاتوونەتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە. لە پێش ڕاپەڕیندا لە ڕێکخستنەکانی ناوشاردا و لە بواری ئەو خەباتەی کە  ناوی نرابوو(خەباتی ژێرزەمینی) و، وەک تەتەری نێوان خەباتی شاخ و خەباتی شار کاریان دەکرد. لە دوای ڕاپەڕیندا بوار ڕەخساوتر بوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و لە هەموو بوارێکدا کە پێشتر فەرەهام نەبوو، بکەونە کارکردن. بەڵام ، کارکردنی ژنان لە سیاسەتدا هەر زوو لە لایەن حیزبەکانەوە قۆزرایەوە بۆ بەکارهێنانیان بۆ ئامانجی بچووک و پەتیی پارتایەتی و بێبەهرەکردنیان لە ئەنجامی ئەو خەباتە دووروودرێژەی کە لە پێش ڕاپەڕیندا کردبوویان و قوربانییان بۆ دابوو، کە دەبووایە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بۆ ئەمانیش بێت و بەهرەی لێ وەربگرن. دەبووایە لە پەرلەمانێکدا کە دوای ڕاپەڕین دامەزرا ڕێژەیەکی بەرچاوی ژن بووایە و، ئەو ژنانەش بوونایە کە دەتوانن کاریگەرییان هەبێ و دەنگیان هەبێ و تەنها ملکەچ و بەڵێبێژ نەبن.

قۆناغی نوێی کوردستان، کە لە دوای ڕاپەڕینەوە دەستییێکرد و وێنەیەکی دەخواست کە ناوی لێ بنرێت دیموکراسی و وردە وردە بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنی زایە نێو کۆمەڵگەوە و دەسەڵاتدارانیش بۆ ئەوەی بانگەشەی نوێخوازی بکەن و وا بخەنە ڕوو کە خوازیاری دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنین و، ئەم پرۆسانەش بە بێ بەشداری ژن مانا نادەن، بۆیە هاتن ژنیان وەک بووکەشووشە لە جامخانەکانی سیاسەتدا دانا و، بەوەش لاف و گەزافیان بۆ دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بلند بووەوە. ئەفسووس ژنانیش زۆر جار دەچنە ژێر باری ئەو ڕۆڵە بووکەشووشەییانەی کە پێیان دەدرێت.

## چەندایەتی ژن لە سیاسەتدا:

کە ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە پارتەکان بانگەشە بۆ خۆیان دەکەن ژمارەی ئەندامەکانی خۆیان دەگەیەننە پەنجا هەزار و سەد هەزار و زیاتریش، ئەمەش مانای ئەوەیە ژمارەیەکی زۆری ژنان هاتوونەتە ناو بواری سیاسەتەوە. بەڵام لە نزیکەی شەش ملیۆن کوردی دانیشتووی باشووری کوردستان، کە لای کەم سێ

ملیۆنیان ژنن و، هیچ نەبێت یەک ملیۆنیان لە تەمەنی یاساییدان ، لە جووتێ حکومەت! و پەرلەمانێکی لە مێژە هەڵبژێردراودا! بەو هەموو ئەندامە ژنانەی کە سەر بە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارن! تەنها پێنج ئەندامی پەرلەمان و، دوو وەزیری ژن هەیە!! ئەم ژنانەی کە لە ناو دەسەڵاتدان ئەگەر (دەسەڵاتیان هەبووایە) و، ئەگەر تەنها 1%ی توانای خۆیان بۆ کێشەی ژن تەرخان کردبا، لەم دوانزە ساڵی ڕابرردووەی دەسەڵاتداریتیاندا هیچ نەبێت ژمارەی ژنیان دەکرد بە دوو ئەوەندە و گۆڕانێکیان بەسەر ئەم چەندایەتییە چەقبەستووەدا دەهێنا کە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 ەوە هەتا ئەمڕۆ هەر وەکو خۆیەتی و هیچ گۆانێکی بەسەر نەهاتووە.

## چلۆنایەتی ژن لە سیاسەتدا:

دیارە چەندایەتی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە و چونکە لە سیستەمێکی دیموکراسیدا بڕیارەکان دەخرێنە دەنگدانەوە ، ژمارەی دەنگ بەندە بە چەندایەتی نوێنەرەکانی هەر توێژ و گرووپێکەوە بۆ یەکلاکردنەوەی بڕیار لەسەر هەر پێشنیارێکی ئاراستەکراو. وەک بینیمان لە چەندایەتیدا ژنی کورد لە سیاسەتدا هەژارە، بەڵام ئاخۆ وەک چۆنایەتی چۆن لەگەڵ سیاسەتدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە؟

ئەو ژنانەی کە گەیشتوونەتە پلەکانی دەسەڵات لە کوردستاندا تەنها ئەوانەن کە ئەندامی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارن. لەبەر ئەوەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار خاوەنی پرۆژەی پێشکەوتنخوازانە و دیموکراتیانە و مەدەنیانە نین، بایەخێکی ئەوتۆیان بۆ ژنان و گەشەدان بە توانای ژنان و، بیرازی کۆمەڵایەتی نییە، چۆنایەتی بیرکردنەوەی ژنانی سیاسەتبازی ئەندامیشیان بە هەمان ئاراستەیە. ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندی حیزبەکەیدا وێکنەکەوێت، با بۆ ژن و پرسی ژن جێی بایەخیش بێت، ئەمان گرنگی پێ نادەن. تەنها لە کاتێکدا دەنگیان دەبیسترێت کە لە پرسی ژن بدوێن، کاتێ فەرمان لەسەرەوەی حیزبەوە درابێت و ئەمانیش وەک ئەندام بە بێ چەند و چوون جێبەجێی دەکەن.

نموونەیەکی هەرە زەق لەم بوارەدا دەکرێ ئەو گۆڕانکارییە شەکڵیە بێت کە لە پەرلەمانی کوردستاندا لە یاساکاندا کران. کەهەندێک لە ئەندامانی ژن لە پەرلەمانی سوێد ، تەنگیان بە نێچیرڤان بارزانی،سەرۆکی حکومەتی هەولێر هەڵچنی و فشاریان بۆ هێنا، کاتێ سەردانی سوێدی کرد، بۆ ئەوەی یاسای کۆنەپەرستانەی بێمانای شەرەفشۆرین ، ئەوەی کە بە زمانی بەعس پێی دەگوترا(غسل العار)، لە یاساکانی کوردستاندا لا ببرێت، بەڵێنی پێدابوون کە گۆڕانکاری لە یاساکاندا بکات. لە گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان دەستبەجێ حیزب سیناریۆی نووسی و، ڕۆڵەکانی بەسەر ئەندامە ژنەکانی پەرلەمان، بە ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی تری ژنان دابەش کرد و، بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت ئەندامە ژنەکانی پەرلەمان و ڕێکخراوەکان ڕۆڵەکانی خۆیانیان گێڕا و، نێچیرڤان بارزانیش لە وتارەکەیدا ئەوەی ئاشکراکرد کە فشاری دەرەوەیان زۆر لەسەر بووە. لەم نموونەیەدا چلۆنایەتی دەسەڵاتی ژنانی ناو دەسەڵاتمان بۆ دەردەکەوێت. تەنانەت ئەو گۆڕانە شەکڵیە بچووکەش کە لە یاسادا کرا و، تەنها بە مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە لە مێژوودا بۆ ژنانی ناو دەسەڵات تۆمار ناکرێت، بەڵکە بۆ نێچیرڤان بارزانی تۆمار دەکرێت. لە 2003/08/23 یشدا لە هەولێر کۆنفرانسێک لە ژێر دروشمی (دەسەڵات دانەوە بە ئافرەت) ئەنجام درا. لەم کۆنفرانسەشدا بە ئاشکرا دەتتوانی بزانی سیناریۆنووس کێیە و بۆ ڕێک لەم سات و کاتەدا سەرۆکی حکومەت دەیەوێت (بێگومان هەر بە قسە، نەک بە کردەوە!) دەسەڵات بداتەوە بە ژن.

## ئەنجام:

سیاسەت ڕەنگە ئەکتیڤترین کەناڵ و گرنگترینیان بێت بۆ ئەوەی لە میانەیەوە گۆڕانکاری دروست بکەی. بارودۆخی ژن نەک هەر پێویستی بە گۆڕانکارییە، بەڵکە پێویستی بە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەیە. ژن نەک هەر پێویستە خۆی بگۆڕێ، بەڵکە پێویستە تێڕوانینی دنیاش بۆ خۆی بگۆڕێت. ئەم گۆڕانکارییەش لە خۆڕا نایەتە دی، بەڵکە بە بەشداریکردن. ژن پێویستە لە بینەر و بیسەری سیاسییەوە بگۆڕێ بۆ ئەکتوێری سیاسی. بۆ

ئەوەی کاریگەر دەبێت وەک چۆنایەتی و وەک چەندایەتیش لەناو سیاسەتدا جێگە بگرێت. پێویستە سەنگی سیاسی خۆی هەبێت و بە مانای وشە سیاسەتمەدار بێت، نەک سیاسەتمەدارەکان بە کەیفی خۆیان بیبزوێنن.
وەک چەندایەتی پێویستە بە گوێرەی ڕێژەی ژن لە دانیشتواندا، لە دەسەڵات و لە سەرۆکایەتی دامودەزگاکاندا بوونی هەبێت. وەک چلۆنایەتیش، پێویستە بیرکەرەوە بێت، مەرجیشە ئاراستەی بیرکردنەوەی پێشکەوتنخوازنە و یەکسانیخوازانە بێت.
دوا وتە:
لە هەر کۆمەڵگەیەکدا نیوەی ئەندامەکانی دابڕابن یان دابڕێنرابن لە سیاسەت، ئەو کۆمەڵگەیە نیووە و ناتەواوە، ئەو سیاسەتەشی کە پەیڕەوی دەکرێت نیوە و ناتەواوە، ئەنجامی کار و خەباتی سیاسی ئەو کۆمەڵگەیەش ئەنجامێکی نیووە و ناتەواو دەبێت.
ژنان وەک پیاوان بۆ کاری سیاسی دەشێن، پیاوان وەک ژنان بۆ کاری ناوماڵ دەشێن. هەموو ئەو ئەرکانەی کە لە ناو ماڵدا، لە دەزگاکاندا، لە دەوڵەتدا هەن کاری بێلایەنن و بە ژنان و پیاوان دەکرێن. کارو ئەرکەکان نیوتراڵن، ئەوە مرۆڤەکانن کە بە پێی توخم و بە ناڕەوایی دابەشیان دەکەن.

...

30-08-2003

ستۆکهۆڵم